# سێبەر

نیاز عەبدوڵڵا
Niyazabdulla6@yahoo.com



پێمبڵێ...
کە سێبەری ژیانمان لێ
لێ وون دەبێت ،
سێبەری کام ئارامی
لە خۆیمان دەگرێت ؟
تۆ بڵێی ...
بۆ سێبەرێك
رێگا دووره سەختەکان
ببڕین و
ووشەکانمان و
هەناسەکانمان ،
لە رێگا هەڵنەوەرن ؟
ئەی کارخانەکانەکانی ژیان
دەتوانن چەند
سێبەری بەردەوامی
بۆ
هەناسەکانی خۆشەویستی
دروست بکەن؟

پێمبڵێ...
لە مۆزەخانەی ( سێبرە ) دا
کە هەموو مرۆڤەکان بۆی وێڵن ،
چەند کەس...
جێگای دەبێتەوە ؟
گومانم هەیە
ئەو سێبەرە گەوریە هەبێت
کە هەموو مرۆڤایەتی لە خۆ بگرێت !
پێمبڵێ ...
لە کوێ
و
چۆن ،
سێبەرێك بۆ پێکەوە ژیان دەدۆزینەوە ؟